## له تۆڵەی تاوانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا،بایەکگرتوانە داوای دادگایی تاوانبارانی ناوخۆو دەستوپێوەندەکانی ڕژێمی بەعس بین!

hangau@gmail.com



ئەمرۆ بەشێکی تر لە سەرکردەکانی بەعس لەدادگای عێراقدابەتاوانی ئەنفال و بەشداری وسەرکردایەتی ئەو8 ئۆپەراسیۆنەی کەتیایداسەدان هەزار کۆژراوو بێسەروشوێنی لیکەوتەوە و بەهەزاران گوند وێرانکران و بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان کرانە وێرانەو ناوچەی یاساغکراو، سزادانی تاوانباران بەلەسێدارەدان و بەشێکیان بە سزای هەتاهەتایی و ئەو شێوەیەش کەدادگا بەڕێوەچوو، لەسێدارەدانی سەدام لەسەرکردەی دوجەیل و گۆڕانی ئاڕاستەی دادگاوکردنی بەمەیدانێک بۆ ململانێی یەکلاکردنەوەی مەزهەبی وە تیرەگەری،زۆر قسەهەڵدەگرن کەمەبەستی ئەم باسەم نین!

دەستخۆشی لە بڕیاری دادگاکە ئەداوپێکهاتەکەی ئاشکران بۆ لەسێدارەدانی ئەم تاوانبارانە وشایی ولۆغان بەرپاکردن بەبێ(ساغنەکردنەوەی کێشەی تاوانی هەڵەبجە، سەردەشت، زەردە، ئەڵوەتان،بانە،......کەهەموو ئەمانەش کیمیابارانکراون و تیایداسەدان کەس بوونەقوربانی و سەدانی تر بە دەردو نەخۆشیەکانیەوە ئێستاش دەناڵێنن،بەجێنەگەیاندنی هیچ لە خواستەکەنی خەڵکی ئەنفالکراوو کیمیابارانکراو،کەدەیان ویست ڕووبەڕوو لە دادگادا لەهەڵەبجە لەبەرانبەر تاوانباراندا دابنیشن)،ئەوپەڕی دواکەوتن و تێنەگەیشتنە لە ڕاستیەکان یان خۆگێل کردنە لەڕاستیەکان و دڵی خۆو خەڵک خۆشکردنە بە باڵندەیەکی مردارەبوو، ئاوکردنەبەئاشی نەزانی و دەسەڵاتی مێگەل وهەڵپەڕینە بەسرودەکانی دەسەڵاتی سواو ناعەقڵانی حیزب ودەسەڵات،خۆشبەختانە هەڵەبجەیەکان وە ئەنفالکراوەکان وێڕایی ئەو هەموو ناهەمواریە کەبەڕای من لەتوانای هیچ قەڵەمیکدانیە بینووسێتەوە،کەم کەس دەتوانێت گرانیەکەی وە سەختیەکەی هەستپێبکات،بەڵام هێشتالەزۆرقەڵەمی سواوو زوڕناژەن کەدەیانەوێت لەسەر ئەم دۆزە داوەری بکەن جوانتر شتەکان دەخوێننەوە.،

هەڵبجەییەکان لەبەرانبەر فۆکسی کامێراکاندا لەسەر گۆڕی ئازیزانیان فرمێسکیان دەڕشت بۆئەوەی کە ئەوتاوانبارانە لەسەر تاوانی کوشتنی ئەوان و کەسوکاریان سزانەدران ،لەشارەکانی کوردستاندا وێڕای هەندێک هەوڵی حیزبەدەسەڵاتدارەکان کەخۆیان لەسەرئەم سیناریۆیە ڕیک کەوتوون لەگەل دەسەڵاتی شیعەکاندا کەس لای بابەتێکی زۆر نەوازە نەبوو،من لەوە تێدەگەم کۆمەڵگای کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی پاوانکراوو مین ڕێژکراو بە بیری ڕەش و سپی ئایدۆلۆژی و مەزهەبی و ناسێنتراڵبوونی مرۆڤ و تاک،هیچکارە لە لۆژیک و هەمەکارە لە چوارچێوە سواوەکاندا،هێندەی بژی و بمرە ڕەواجی پێدەدرێت و سیاسەتی چاو بەچاوو دان بەدان کەدونیای مۆدێرن 600 ساڵە مالئاوایی لێکردووە،هێشتا ئاسانترین و سادەترین چەکە بۆکۆکردنەوە بەمێگەلکردنی تاکەکان،بەڵام جێگەی خۆیەتی کەلەسێدارەدانی ئەم تاونابارانەدا ئەو پرسیارە بکەین، بەلەسێدارەدانی ئەوتاوانبارانە و ئەگەر لەلەسێدارەدانی سەدامەوە سەربکەین خەڵکی

جینۆسایدکردنی کوردستان چ دەستکەوتێکیان بووە؟جگە لە کەمڕەنگبوونەوەی دۆزی جینۆساید،پێچانەوەی دۆسیەی تاوانەکان و نەپشکنین و لێکۆڵینەوە لە ئەوتۆڕەفراوانەی کەئەم ڕژێمەسەحراوی سونیەیان بەمۆدێرنترین ئامێرەکانی کوشتن ئامادەکردبوو،و دامو دەزگاکانیان لەباشترین ئەکادیمیانی ئەوروپادا لەسەر سیستەمی ئەشکنجە،تۆقاندن و تیرۆر و پاکتاوکردن ڕادەهێنا،باشتر نەبوو ئەوتاونبارانە بۆ هەتاهەتالەکونجی زینداناد‌بوونایەو بۆهەموو تاونەکانیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدابکرایە و هەموززانیاریەکانیشان بەکاربهاتایە بۆ بەدواداچوونی تۆڕی تاوانبارانی ناوخۆ ودەرەوە و دادگای مەدەنی بواری هەبوایە کەقەرەبووی زیانەکان هەڵبسەنگێنیّ و دواتر قوربانیەکان قەرەبوو بکرانایەوە؟،ئەو پرسیارەی کەئەم دادگایەو هەڵسوڕێنەرەکانی چەند بەستانداردەکانی دواکەوتوانە و تیرەگەری کاردەکەن لە سیناریۆی لەسێدارەدانی سەدامی دیکتاتۆرو هەلهەلەلێدانەکانی داوەری گشتی بەسەر شانی شیعەکانەوە بۆهەرکەسێک کە ئامانجیبێت لەم دادگایە تێبگات و ناوی دادگای یاسایی لێبنێت زۆر ئاسانەو کەم ترین کاری دەوێت.

پرسیارو داواکاریەک کەوەک هەڵسوڕاوێکی ئەم بوارەو داخوازیەکانی خەڵکی جینۆسایدکراوی کوردستان کەسالآنێکە باسی دەکەین و کاری لەسەردەکەین،سزادان و بەداگاگەیاندنی تاوانبارانی ناوخۆیە،ئەوانەی کە چاو و گویّ و مەچەک و پێکهێنەری ئەم سیستەمە بوون،بەکوردو غەیرەوە و تا ئێستاش کەسیان لەگوڵ کاڵتریان پێنەوتراوە و نەک هەرئەوە بەڵکو لەپاڵ دەستی پارتی و یەکێتیدا دیوەخانەکانیان گەرمترلەجاران و خزمەتکارو پیاوکوژی زیاتریان لەدەورە لەسەر حسابی سفرەی خاڵی و ماڵی و وێران و بێخزمەتگوزاری قوربانیەکاندا،دەسەڵات 19ساڵە ئەمانە پەنادەدا و هەندێک جار بۆ شکاندنی یەکتربەکاریان دێنیّ،ئەوداواکاریانەش کەبەهەمووکەموکورتیەکەوە خەڵک لەم تاوانبارانەیان هەیەو خوازیاری دادگاکردنیان دەسەڵات بەری پیگرتووە ...،پرسیارێک کەدەبێت بیکەین و تەوەری گفتوگۆبێت،ئێستا چەندکەمپین بۆ بەداگاگەیاندی ئەم تاونبارو کۆنەجاشانە هەیە؟ئێمە چ دادگایەکمان دەوێت؟ تریبۆنێکی کوردستانی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەوسزادانی ئەم تاونابارانە و دواتر قەرەبووکردنەوەی زیانەماددی گیانیەکانی قوربانیەکان؟

ئەودادگایەی ئەمڕۆ سزای تاوانبارانی بەعسی دا؟یان تریبۆنێکی تر....؟من لامواية تریبۆنێکی کوردستانی بەدەر لەدەستی حیزب و دەسەڵات زۆر لەجێگەی خۆیدادەبێت،بەڵام ئایەخەڵک وەقوربانیەکان و کۆمەڵ و گروپە پەیوەستدارەکان ئەوەندەئامادەن یان ئامادەدەبن؟شەقامی داخوازیەکان گەیشتۆتە ئەوئاستە و بۆی ڕوون بۆتەوە کەدەبێت بەدەنگبێت،کەدەبێت خۆپیپشانبدات،کەدەبێت دەنگهەڵبڕێت و ئێستا کاتیەتی،ئەوانەپرسیارن کەتەنها بەلەناودا کارکردنیان دەتوانین وەڵامیان بدەینەوە و ڕوونبینەوە،کۆمەڵگایەکی ئاسۆڕوون و خاوەن ماف و ئەرک و ڕێزو دیالۆگی مۆدێرن و یاسا؟یان کۆمەڵگایەک کە تاوانباران و خۆفرۆشان هەرڕۆژەی دەبنەداشی دامەی لایەن و هێزێکی دواکەوتوو داخوازی و مافی ئینسانەکانیش لەناو دڕکەڵاندادەبیّ بەدوایدابگەڕێین،پرسیارێکی سادە،بەڵام ئەرکی هەمووومانە،هەریەک لەئێمە کەدڵمان بۆ مافی مرۆڤ،بۆئازادی،بۆمافی ژنان و ژاینێکی شایستەی خەڵکی کوردستان لێدەدا!.

ئەمیر قادر

ئەندام لەکەمپینی بەدادگاگەیاندنی تاوانبارانی ناوخۆ

http://www.dengekan.com/doc/2007/6/daxwaziname14.htm